# ونووسی کوێستان

جەماڵ فەتحی (کۆچەر)
(کۆیە)

کۆڵان چاوەڕوانی پیاسەیەکت دەپێوێت و
پەنجەرەیش تاسەباری هەناسەیەکت هەڵدەکێشێ
منیش کۆڵانی تەنیایی و پەنجەرەم لە ئامێز گرتووە
نازانم لەکام شەقامی ئەم شارەدا تێدەپەڕیت بیکەم بە قیبلەی دڵ
لەکام بارانی وەرزدا تەڕ دەبیت بیکەمە زەریای ئەوین
لەکام وەرزی ئەم ساڵەدا لە دایک دەبیت بیکەم
بەسەرەتای ساڵی خۆشەویستیم
ڕۆژهەڵاتی دڵم لە خولگەی بێکەسی تۆدا غەریبیت دەکات
لەنامۆیی خۆیدا دەتلێتەوە
نامۆتر لە نامۆکان هەست بە نەبوونیت دەکات
یادە هەمیشەییەکەت بە وێنەی غوربەتی تۆ پرچی شەو دەهۆنێتەوە
شیعرم بە بزەی وێنەکەت باڵا دەکات
کوێستانی دڵ چاوەڕوانی هەناسەکانمە
من لە تۆدا خۆم دەبینمەوە و تۆش لە نەهاتنەوەی هەمیشەییت
دڵەخورپێم هاوتەمەنی نووحە
مەرگ لە مەچەکی دوا دیداری ماڵئاواییت هەستم پێدەکات
من لە کام وڵاتدا تاوانباری ژیانم
کە نە خۆشەویستی شینە بە باڵام، نە موچڕکێک بە گیانم دەبرووسکێنێ
ئەمە نە ئەوینە شێتەکەی منە و نە ژیانە کورتە باڵاکەی تۆ
بۆیە دەمەوێت دوایین تەنیاییت بکەم بە مەزرای ئەشق و
لە گۆمی هەوێنی وشە جوانەمەرگەکانم نوقمەسار بم
ڕوخساری ئاوازەکانم تۆزی تاراوگەیان لێ نیشتووە
شەرابی شیعر ئیتر سارێژی برینەکانم ناکات
«ئەی کچی خواوەندی جوانی»
ئەی ونووسی کوێستان
من بە تیری تۆ گلاوم و تۆش بە تیری بێ دەرەتانی



تۆ بێچارەی چارەی نەنووسراوی وڵاتی دڵی منیت
منیش هەڵوەدای ئەوینێکی سەرهەڵگرتووم
لێم دوور بکەوە، با چارەنووسم پەلکەی ئاواتەکانت
هەڵنەپاچێت
تا گڕی دەروونم تەونی خۆزگە و حەزەکانتی
هەڵنەقرچاندووە
لێم دوورکەوە
با گزیرەکانی شاری بێ یاسا تۆش بە منەوە نەدەن لە دار
تا نەونەمامی هیواکانت بە مردنم نیوەعومر نەکەن
لێم نزیک مەبە
تۆ دەزانی لە خۆم دوورم با ڤایرۆسی پەتای دووریم تۆش
نەگرێت
هێندە دوورم نازانم تا لای خۆم چەند هەنگاوە
نازانم تا دوا هەناسەم چەندەی ماوە
لێم دوور بکەوە
ئاواتە نەزۆکەکانم لە خاچ دەدەن
با ماسییە وردەکانی بیرت لە گێژاوی مندا نەخنکێن
لێمگەڕێ با هەر تاوانباری دووری خۆم بم
با بەژنی تاسەکانت لە ئاگری مندا نەسووتێن

ئیتر شەپۆلی گریان لرفەی برینەکانم دانامرکێنێت
بەرگەی تاڵاوی ئەم بێ ئوقرەییە ناگرم
لە بەرەبەیانێکی خەیاڵاوی
قەڵەم لەسەر جەستەی بێ گیانم دێتە سەما
شیعرێک پەرۆشتر لە وڵاتەکەم لە دایک دەبێت
بێکەستر لە کورد بەرەو دیارێکی غوربەت کۆچ دەکەن
لە بێ بەزەییترین وەرزی مێژوو، هاوار دەکەن هەستی
شاعیر ئیتر نەما